دەنگەکان . فرستادە شود

گەر کوشتنی مرۆڤێک لە جەنگەڵێکی تاریکدا جەنایەتە. بەڵام ،لە ناو بردنی میللەتێک و وێرانکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەلێک لە ناو جەنگەڵی دیپلۆماسی جیهاندا ،جەنایەتێکی زۆر گەورەتر وخەیانەتێکی زۆر پان وبەرینترە لەو جەنایەتانەی کە تیرۆریستێک یان تیرۆریستەکان دەیخولقێنن. تیرۆریستی واقیعی و ڕاستەقینە ئەوانەن کە خەڵکی دەفرۆشـنەوە.!

محەمەدی کەریمی

ڕۆژنامە نووسی سەر بەخۆ

# بەشداریکردن یان بایکۆتکردنی هەڵبژاردن.!

ئەمریکا حەلاڵزادەیە و ڕاستی دەبێژێ کە دەڵێ : قازانج وبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ویست ومەبەستی سەرەکیمانە.
کوردە حەیاتەکەیش 14 ساڵە ،چی گەرەکە گووتویەتی وکردوویەتی و ئازاد ورەهـا بووە لە بۆ هەڵبژاردن و بەرپاکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســتان وفیـدرالی و.....!شـــەڕ بـــووە مایەی فتنــە و شــەڕ سەرچاوەی دواکــەوتنمانە لە گشت بووارەکانی ژیانی سیاسی و نەتەوەیی وبە گشتی لە هەموو رووەکانی کۆمەڵایەتیدا. شەڕ تەنیا نوقتەی زەعفی کورد بوو لە خۆ ئیدارەکردندا وشــەڕ کەلاکی لایەکی ژیانی گشتی ولانی کەم تین وگوڕی یەکگرتن وسەرکەوتنی ئێجگارەکیمانی لێساندین و یەکگرتن و سەرکەوتنەکانی پەیتا پەیتا ویەک لە دوای یەک ،لە کاری خستن. شـەڕ بە چەند جەمی شـەڕ ،زۆر گرنگی لێ هەڵقوڕاندین. چەها هەستی پاک و ورە و بیر وڕاز و نیازی ڕاست و دروست وتەنانەت بۆ ماوەیـەکیش چی هەسـت ونەسـتی ژێـرخان وسـەرخانی ئابـوری کوردستان بوو ، شـەڕ و شـەڕهەلگیرسێنەر و شـەرپەرسـتان بە گشتی وپێکــەوە هەڵیـانلـوشـی و....!
تۆ بڵێی هاتبێــتینەوە سەرەخۆ.؟
ئاخر ئێمەی بەستزمان ،بە دەستی خۆمان و بە سەر شان وپیلی شەهیدانی شـەڕی خۆکوژیدا بازماندایە و پرماندایە بەختی خۆمان و سـینگ وبەرۆکـی پـەرلـەمان و حکومەتـمــان لە بەر یەک هەڵــدڕی وچیـــمان نـەدی.؟؟
بەقەولی ئەو پیری ئازادە وجهاندیدە ،مامۆستای بەرز و زانا پەشێوی دووربین وناسک بین ،تەنانەت قەبرستانەکانیشمان دابەش و بەش بەشـکرد. خوێنی زۆر لە شەهیدە سەربەرزەکانیشمان هەرزان فرۆشــتەوە. بۆچی.؟

حکومەت لە ناو حکومەتدا بەلا بوو. هەڵەیەکی گەورە بوو ،هەموو دەور وبەری کوردستان دەستی تێیدا بوو.

بە پێچەوانەی زۆر بیری پاک و بەقین و یەقین. فیفتی فیفتی باشترین بیری ڕێبەری بوو بۆ دوورخستنەوە و بەرپەرچدانەوەی دسـتتێوەردانی دەرەکی وهەمدیسان بۆ گرێدانی یەکبـوون و یەکگـرتنی زێتری ناوەکی. بەڵام داخەکەم ،فیـفتی بـە فیفتـیش هـەر بە فیـت و بەفیـتەی فیتنــەی دەرەکـی و ناوەکـی بــووە قوربانــی ،کە لە واقیعدا گەل و وڵاتێـک بــوونە کۆچــی قوربانــی ڕێگــەی...! چــی.؟

هەوڵدان بۆ کوژاندنەوە و تووانـدنەوە ولە باربردنی بیر و بـیرۆکـەی حکومـەت لە ناو حکومـەتدا ئەرکێکی فرە پیـرۆزە ،لە هەر ڕێگــەیەکــەوە بێت سـوود بەخشــە و بەر لە هەمــووان ڕووناکـی دەبخشـێتەوە سەر بەرژەوەندی باڵای گەل. ئەم هەوڵە ،واتە تووانەوەی ریزە ئەستورەکانی بە زۆر داسەپاو بە سـەر جەماوەری خەڵکیـدا.

حکومەت لە ناو حکومەتدا ،هەڵبـژاردنی بە وێنەی ئاخرین سەنگەری دیپلۆماسی هێشتووەتەوە.
تەنیا هەڵبژاردنیشە کە دەتوانێت ببیتە پەناگای یاسـایی. بەرپایی ڕیفراندۆم لە پەنای هەڵبژاردن.
بەو پێیەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری لە سەر داوە ،کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆی عێراقە. کورد بۆ پێوانی ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووکان و بەرپاکردنی ڕیفراندۆم و تەنانەت بۆ گرتنە بەری ڕێگەی سەربەخۆییش ئەشێ لە بەغداوە دەست پێبکات. ئەو(ئەشێ)یەی کە پەیامبەری زوڵم و زۆرە ولە ڕێگەی دەوڵەتە یەکگرتووکان و بە ناوی نەتەوەیەکگرتووکانەوە ،بە سەر زۆر لە گەلانی جیهانی بێدەسەلاتدا سەپاوە ودەسەپێت.!
بڕیاری 1546ی نەتەوە یەکگرتووکان ئەو پەیامە ناخۆشەی بۆ کورد پێ بوو.
دەرهاویشتنی کورد لە ناوەرۆکی تەنانەت بڕیاراتی سەرەکی وپەسەندکراوی ئەنجومەنی حوکمی کاتی عێراق ،لە چوارچێوەی ئەو بڕیارە پێشنیارکراوەیەی کە بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ولە لایەن ئەمریکا وئینگلیسەوە بەرز کرابووەوە. بە پێچەوانەوە لە لایەن ڕوس و چین وفەرەنسـییەکانەوە ڕەت کرایەوە. ناو و نیشانی کورد لە ساحەی جیهانی یاسایی ولە ئەرشیڤی ئیدارەی بە ناو شـەرعی نەتەوە یەکگرتووکان هاتە دەر وپاککـرایەوە و سڕایەوە و....!

بەردێک لە بەردێک کەوێ دەنگی لێدەبێتەوە. بـەڵام، دوای ئەو شـاڵاوە شـوم و گەورە ودژی مرۆڤییـە ،دەنگـێکی ئەو تۆ لە کورد نەبووەوە.کورد لە هیچ شوێنێکی کوردستان وجیهان دەنگی نەهاتـە گۆ ونەبیسـترا.
بە ئاماژەی ڕاستە و خۆ وبە ئاشکرا و زۆر بە ڕاشـکاویی لە سەر داوای بەرێزعەلی سیستانی ڕێبەری جیهانی تەشـەییـوعی ئـەمریکا و ئینگلیـزی داهاتـــوو ،بە ئیـمزای سەر زلزەکانی جیهانی ئازادی و ڕێـڕەوانی یەکسـانی جیهانی عەداڵەت و مرۆڤایەتی واتە ڕوس وچین وفەرەنسـە ،بـڕیاری 1546 بە ناوی بڕیاری نەتەوە یەکـگرتووکان لە سەر عێراقی یەکپارچە دەرچوو و چوو بەناو بازنەی ئەو پرۆژەیەی کە ناز ناوی ( عێـراقی هیـوا و ئاشـتی ) یان پێ بەخشـی.! هەر بۆیە باس لە سەر هەڵبژاردن وبڕیاردەرکردن لە سەر بەشداریکردن یان بایکۆتکردنی هەڵبـژاردن بەر پرسیاییەتێکی قورس وگرانە،هۆشـیارییەکی میـللی و بیری فرەلایەنەی گــەرەکـە.!

حکومەت لە ناو حکومەتدا. گەورەترین نەخۆشی وناخۆشی سازدەری سەرەکی دووبەرەکی وچەندبەرەکی و وێرانگەری هەموو وێرانییەکی کۆمەڵایەتییە. تیرۆریستەکان هەر بە تەنیـا ئـەوانە نین کە بە ئاشـکرا خۆیان وخەڵکانێکی دیکەش لە گەل خۆیاندا دەکوژن ودەتەقێنـەوە. بەڵکو تیرۆریستی ڕاسـتەقینە ئـەوانەن کە خەڵکی دەفرۆشـنەوە.
لە ناو بردنی میللەتێک ولە ناو جەرگەی جەنگەڵی دیپلۆماسـیدا ،جەنایەتێکی زۆر گەورەتر وخیـانەتێکی زۆر پان و بەرینترە لەو جەنایەتانەی کە مرۆڤکـوژێک یان چەند تیرۆریسـتێکی فیـدایی دەیخولقێـنن.

کورد لە ناو بازنەی جەنگەڵی دیپلۆماسی گیری خواردووە. دەرباز بوون لـەو گەرداوە ئەرکی سەرەکی وخاڵی گرنگی دەربازبوونە لە گشت بازگەیەک.
هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم هەر دوو ڕێگەی دەربازبوونیان لە بەرە.
بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم یان بە پێچەوانەوە ،بایکوتکردنی هەرکام لەمانە پەیوەستن بە چارەنووس وداهاتووی گەل و وڵاتێک.هەر بۆیە ئەم بڕیار گرنگە و لە هەماندەمشدا بڕیارێکی کاری وچارەنووسـسازە وناکرێت هەر وا سەرزەدە و مەیزدە دەرچێت. هەر دوو بڕیار لە داهاتوو هاڵاون. لە یەک جیا کردنەوە و پاڵاوتنی ئەم دووانە کاری هەرکەسێک وئەرکێکی هەر وا سووک وسادە وهاسان نییە. بۆیە هەنگاوەکان پێویستییان بە مەسئولییەت هەیە.
تەنیا پێشـنیارێک :

دەکرێت لە پەنای هەڵبژاردندا ، رەسمییەت بە ڕیفراندۆمیش بدری بۆ ئەوەی خۆی بە سەر یاسادا بسەپێنێت و ئەم مێـژووە تۆمار و تاپۆ بکـرێت ،تەنانەت ئەگەر ریفراندۆم بۆی گونجا لە هەر شوێنێک و بە پێی هەل ومەرجی گونجاو لە شوێنی هەڵبژاردنەکان ،تاپـۆی کۆتایی و ئاکامی ڕیفراندۆم لە هەر شوێنێک بە ئیمزای گشت نوێنەران وچاودێرانی هەڵبژادنەکان بگەیەنن. گرنگی ئەم هەڵبژاردنە لەوەدایە کە کۆمیتەی ئیدارەی یاسایی نەتەوەیەکگرتووکان تێدا بەشـداره وئەم تێکەڵاوییە کەم کات دێتە پێش ودەرفەتێکی مێژوویە ئەشێ بە باشی و لە بەرژەوەندی باڵای گشتی کەڵکی لێوەر بگرێت.

بەڵام :

لە سیاسەتدا و بە لای خواپێداوەکانەوە قسـەی ئاخر خەڵک دەیکات. ئاکامی ئەو قسانەیەیش لە ناو سەندوقەکانی دەنگداندا دێنە دەر. بەڵام داخەکەم ،لە وڵاتی مە هێشتەکەیش ،سەرەتا و کۆتایی مەسەلەکان لە دەست وبازوی حیزبەکاندایە. هەر بەو پێیەیش شادی وخۆشی زیاترلە نێوان گچکە وگەورەی حیزبەکان دابەشکراون.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، وەزیر و سەفیرەکانی خەڵکی لە کاتی دەسەڵات و لە ماوەی کاری رۆژانەی مانگ وساڵانی دەسـەڵاتیان دەرگەی دیوی کار وپەنجەری دڵ و شوشەبەندی دەرونیان لە سەر پشـتە وبەرە و رووی هەمووان ئاوەڵا وکراوەیە. بەڵام لە وڵاتی من و تەنانەت لە ناو بازاری سیاسەتی حیزبەکانی کوردیشدا ،سەردانی خەڵکی و خەڵک لە باوشـگرتن و ئاوەڵاکردنەوەی ئامێـزی گەرمی وەزارەتەکان و باوشی کورسی سـەدارەتەکان تەنیـا وتەنیـا لە کاتی هەڵبـژاردنەکاندایە وبەس.

دەڵێن دەنگدانەیش بە پوڵ وپارەیە و دەکردرێتـەوە. لە سەر ئەو حیساب وکتێبەیە کە لە هەر برسییەکی شار و لادی دەپرسی :بیر وڕات سەبارەت بە هەلبژاردن چییە.؟ هەموو دەستە ودۆعا لە بەر خولا دەپاڕێنەوە کە هەموو مانگێک و لە چەند وادەدا هەڵـبژاردن بێتـە کایـەوە. ئـای ،بەلکـۆ ئەوانیش ببوژێنـەوە. بگـەشـێنەوە ومافی خۆیانە زیندوو ببنـەوە. ئەوانیش مناڵانی ئە و ئاو و خاکەن وچاوەڕێن حکومەتەکەی خۆیان بە دڵ و بە گیان و هەموو کاتێک دەرگەیان لێبکاتەوە ،نەک تەنیا لە کاتی هەڵبژاردندا بیانناسێتەوە.

mohammed_karimi